# دەستپێک

طاهره دانش
صنم وکیل

پرسی ژنان و مافەکانیان و دەوری ئافرەتان لە کۆمەڵگای پێشڕەو و ناوەندی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی 1979وە بووە. ئافرەتان لەناو ئەو گرووپە بێ ژمارانەن کە پشتیوانی شۆڕشی گەلانی ئێران بوون بۆ ڕووخاندنی تەختی پاشایەتی چەندین ساڵەی ڕێژیمی پەهلەوی، ئەویش بەهۆی ئەوەیکە ئەوەیکە لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی پاش ڕووخانی پاشایەتی، دەبێتە هەوێنی زیادکردنی توانای سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەی ئەوان. ئەگەرچی بەهۆی ترسی زۆربەی ئافرەتان، دەوڵەتی سیاسی پۆستەکانی شۆڕش بنچینەی لە خوێندنەوەیەکی تایبەت دایە لە شەریعەت یا یاسای ئیسلامی لە ڕێگەی ڕێبەرەوە. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە نیشان دەدا کە لە کەشی گشتی و تایبەتی دا، گەیشتنی ئافرەتان بە مافەکانیان لە لایەن پیاوەکانەوە دیاری دەکرێ. جگە لەوەش، شێواز و ڕواڵەتی ئافرەتانیش وەك نموونەیەك بۆ پێناسەکردن و شوناسی خۆی لەبەرچاو دەگرێ. لەڕاستیدا شۆڕشی فەرهەنگی دوابەدوای ئەو لەساڵی 1981، کۆماری ئیسلامی دەستی کرد بە بەفەرمی ناسینی مافی ئافرەتان وەك مافێکی پلەدوو بەرامبەر بە پیاوان، لە ئەنجامدا هەر ئەمەش شوێنەواری لەسەر دەوری ئافرەتان لە ئێستای ئێراندا داناوە.

سیاسەتی جنسی دەوڵەت لەناو بنەماکانی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدایە. هەروەها پرسگەلی ئازادیخوازی جنسی بووەتە یەکەمین تەنگژە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بەدوای مافێکی زیاترن و ئەمەش مەترسییەکی جیدیە بۆ دەوڵەت. لە ڕێژیمی پاشایەتی، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کەمپەینەکانی مۆدێرنیزاسیۆن و لایەنگرێتی شا لە کولتوری ڕۆژئاوا، کەڵك لە جنسیەت و ڕەگەز وەردەگیرا، بە شێوەیەك کە بەشداری ئافرەتانی ئێران بۆ پرۆژەی ئێرانێکی پێشکەوتو و مۆدێرن بنەمایەکی سەرەکی و حەیاتی بوو. لەساڵی 1961 وەك بەشێك لە شۆڕشی سپی و مۆدێرنیزاسیۆنی شا، مافی دەنگدان بە ئافرەتان درا. چوار ساڵ دواتر لەساڵی 1967 یاسای پاراستنی بنەماڵە بۆ وەدەستهێنانی مافی جیابوونەوە، سەرپەرشتی و، هاوسەرگیری ئافرەتان پەیڕەو کرا.[1]

بەپێچەوانەی ئەو پێشڤەچوونە یاساییانە، ئافرەتان بەردەوام بەدەست بەربەستەکانی کولتوری، ئیسلامی، پیاوسالاری و ئابووری لە ژێرگوشاردان. جیا لەمانەش شا نەیتوانی پەرە بە پشتیوانی خۆی لەنێو ئافرەتانی خێڵەکی بدا. لە بەرامبەردا روح الله خومەینی پرسی ئافرەتانی خستە ناو پرسگەلێکی ترەوە تاوەکو سیاسەتەکانی دژە ئیسلامیی شا بکێشێتە کێشەوە و ئەو کردەوانەی شا بە هەوڵی شا بۆ لایەنگیری کردن لە ڕۆژئاوا بناسێنێ. توانایەکانی خومەینی بۆ پەیوەست بوون بە هەستە سونەتی و کۆنەکانی خەڵك، لەنێویاندا ئافرەتانی خوێندەوار، بوو بە بنەمایەکی بەهێز بۆ پشتگیریکردنی ئەو لەساڵی 1963. بەهۆی بنکەی هەڵبژاردنی ئافرەتانەی بەربڵاو، خومەینی توانی پێگەی خۆی بۆ بەشداری ئافرەتان لە کایەی سیاسی بگەڕێنێتەوە.[2] ئەگەرچی هەر لە هەمانکاتدا، یاسای ئیسلامی پەیوەندیدار بە ئافرەتان بەپێچەوانەی دەسکەوتە بەبایەخەکانی وەدەستهاتوو لەژێر چەتری ڕێژیمی پاشایەتی بەهێزتر کران. لە ئەنجامدا دەوڵەتی پۆست شۆڕش، سیاسەتگەلێکی جنسی دژبەری یەکتری دروست کرد کە لەودا جۆرە پێناسە و خوێندنەوەیەکی تایبەت لە دینی بۆ کرابوو ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی هەندێك کایەی سیاسی ئاراستە کراو. لەساڵی 1983 ئافرەتان دەبوایە جۆرێك جلکی ئیسلامی بپۆشن کە دەبووە هۆی جیاوازی ڕەگەزی جنسی، بە شێوەیەك کە هەندێك ئیشی تایبەتی وەك دادوەری لەو چوارچێوەیەدا بۆ ئافرەتان نەدەگونجا و وای لە ئافرەتان دەکرد کە ئەو دۆخە یاساییە وەك پێشێلکردنی مافی ئافرەتان لەوانە هاوسەرگیری، جیابوونەوە، میرات و بەخێوکەر (سەرپەرشتی منداڵ) قەبووڵ بکەن.[3]

لە کۆت و بەندی کۆماری ئیسلامیدا، بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئیدئۆلۆژیکیەکانی سەربەخۆیی پەیوەست بە شۆڕش کەڵك لە ڕەگەز وەردەگیرا. ئیسلام و حکومەتی ئیسلامی کۆمەڵگا ئەو شێواز و میکانیزمانە بوون بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە. لە ئەنجامدا ئافرەتان بوون بە پارێزەرانی ڕواڵەتی ناوئاخنی شۆڕش، لەکاتێکدا کە دەوڵەت شوناسێکی چێ کرد کە پەیوەست بوو بە دەوری ئافرەتان وەك هاوسەر و دایك بۆ پارێزگاری لەو بایەخە ئیسلامیانەی کە بەهۆی شۆڕشەوە وەدیهاتوون و بناغەیان قایم کراوە. هاوکات، لە کاتێکدا کە ئافرەتان هاوشانی پیاوان لە ڕێپێوانی سیاسی لە زانکۆکان و دۆخی کار و ئیش بەدیار دەکەوتن، حکومەت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك ئامانج، پێناسەی تایبەتی خۆی لە ئافرەتانی شۆڕشی ئیسلامی خستەڕوو. حکومەت لەو ڕواڵەتەی کە ئافرەتەکانی شۆڕشی ئیسلامی هەیانبوو بۆ ئامانجەکانی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرت. بەهۆی ئەوەیکە ڕەگەزی جنسی پەیوەندییەکی بەهێزی بە ڕەوایی سیاسی و ئیدئۆلۆژی دەوڵەتەوە هەیە، کۆماری ئیسلامی سیاسەتگەلێکی ڕەگەزی دژ

بەمەکی هێنایە ئاراوە کە بووە هۆی بشێویەك لەناوەندی ئەو ڕێکخراوەی کە پەیوەندیدارن بە دەوری مافی ئافرەتانەوە. یەکێك لە ئەنجامەکان پرۆژەی جانوس بوو کە بە سیاسەتی ڕەگەزی و جنسیانەی خۆیەوە بوو بەهۆی ئەوەیکە لە ئاکامدا پێش بگرێ بە یەکسانی ئافرەتان و پێشخستنی پێدانی هەلی تەنانەت بەرتەسك بۆ ئافرەتان بەمەبەستی دەرکەوتن لە کۆمەڵگای تەژی لە ئاڵوگۆڕی ئێراندا.

لەماوەی 37 ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵگای ئێران هێدی هێدی گۆڕانکاری بەسەردا هات و وێکچوونێکی کەمی هەبوو لەگەڵ ئەو چاوەڕوانیانەی کە ڕێیمی ئەو سیستەمە چاوەڕوانی دەکرد. گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، بوونەتە پاڵنەرێك بۆ ئەوەی کە ڕادەی زانیاری و ئاگایی کۆمەڵگا، نەرمی نواندن و خۆڕێکخەری و چالاکی لەنێوان ئافرەتان و کچان بەگشتی بچێتە سەرێ. "خەلاتی بەکۆمەڵ"ی سەردەمی پۆست شۆڕش بوو بەهۆی زیادکردنی حەشیمەت بۆ 71 ملیۆن و یان باشتر بڵێین زیادبوونی حەشیمەتی لاو لە ئەنجامدا.[4] وەك کاردانقوە نرخی 85%ی حەشیمەتی خوێندەواری ئێران کە زیاترین ڕادەیە لەنێو وڵاتە ئیسلامیەکاندا، گەنجانی ئێران زۆر باشتر لە نەسلی پێش خۆیان بەرەو خوێندن چوون و خوێندەواریان هەیە.[5] لەگەڵ ئەمەشدا، کەمتر لە یەك کەس لە سێ کەس شۆڕشیان وەبیر دێت و، گەنجەکان بە شێوەیەکی نارێك و نا ڕێکخراو لە شکستەکانی ڕێژیم ئازار دەچێژن. بێکاری، هەلاوسانی ئابووری، شارنشینی و ڕاگواستنەکانی حەشیمەت بوومەتە هۆی ئەوەیکە گوشارێك بکەوێتە سەر دەوڵەت و کۆمەڵگا. جگە لەمانەش، هەلاواردنی خوێندن و ئەو سیاسەتە کارییەی کە پیاوان بەسەر ئافرەتاندا زاڵ دەکا و هاوتەریبە لەگەڵ بایەخە کۆمەلایەتییەکانی باوك سالاری یان پیاو سالاری ئێرانەوە، هێدی هێدی پێشڤەچوون و پێشکەوتنی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا بەرەو دواوە دەبات.

مێژووی بزووتنەوەی ئافرەتانی ئێرانی پەیوەندییەکی ئاڵۆزی لەگەڵ شۆڕشی مۆدێرن لە ئێراندا هەیە، بە شێوەیەك کە لەشۆڕشی ساڵی 1979دا دروستبوونی ئەو کۆمارە ئیسلامییەی ئێستا ڕەنگی داوەتەوە و گەیشتووەتە لوتکەی خۆی. زیاتر لە سێ دەیەیە کە ئەم بزووتنەوەیە لە ڕێگەی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردن و گەورەبوونەوە بەرەوپێشەوە چووە. هاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی لایەنگیری لە مافی دەنگدان لە ڕۆژئاوا، بنەما و بنەچەی خۆی لە گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و سیاسی ناوخۆیی دا دەبینێتەوە کە بۆ نزیکەی دوو سەدەیە ئافرەتان ڕچەشکێنی خوێندن، چاکسازی و نوێگەری تێکئالاو لەگەڵ نۆرمە سیاسی، کۆمەلایەتی و دینییەکان بوون بۆ دۆزینەوە و بەرچاوکەوتنی زیاتر. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە سەرەتای شۆڕش، ئافرەتان بەهۆی لایەنگیرییە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکییەکانی خۆیان لەیەکتر جیا دەبوونەوە، هەنوکە ئەو جیاوازیانەیان بە هۆی دۆزینەوەی بەستێنێکی هاوبەش و نزیکتر لەیەك، لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو و کاریگەری ئافرەتان بەمەبەستی گەشەکردن و یەکسانی ڕەگەزی وەلاناوە.

## ئافرەتان و شۆڕش: زیندوویەتی ململانێی هێز

لەماوەی سێ دەیە، خەبات بۆ یەکسانی ڕەگەزی ململانێیەکی دژوار بووە، لەبەر ئەوەیکە دەوڵەت دژ بە کار و چالاکی سیاسی گۆڕانکاری لە ئیدئۆلۆژیدا کردبوو. چالاکانی مافی ئافرەتان بۆ تێهەلێنانەوەی نایەکسانی ڕەگەزی بە ڕێگەی هێمنانە و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەو پرسەدا خەباتیان کردوە. بۆیەش هەر زوو، بۆ پاراستنی پشتگیری ئافرەتان، مافی دەنگدانیان پێ درا. لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمان کە لەساڵی 1980 بەڕێوەچوو، چوار ئافرەت بۆ دەفتەری کۆمەڵ هەڵبژێردران. لەگەڵ ڕادەی کەمی ئەوان، ئامادەبوونی ئافرەتان بۆ ڕەواییدان بە ڕێژیم پێویستییەکی حاشاهەڵنەگربوو. لە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی تری پەرلەمان، ئافرەتان بە بەردەوام کورسیی سیاسییان وەردەگرت.

لەماوەی شەڕی ئێران – ئێراق (1980 – 1988) ئافرەتان بۆ خوێندن هان دەدران و بەشێوەیەکی یەکسان بۆ ئابووری و ژیانی بنەماڵەکان بەگشتی گرنگ بوون.[6] خومەینی بە دانانی هەندێك چاکسازی بۆ شیکردنەوەی یاسای دینی کۆماری ئیسلامی، بە ڕێگەدان بە بێوەژنەکان بۆ هەبوونی مافی سەرپەرشتی منداڵەکانیان لەجیاتی ئەوەی کە بیاندەنەوە بە ماڵی باوانیان، ئافرەتانی لە بەرامبەر پشتگیری سیاسی ئەوان لە حکومەتەکەیان ئارام کردەوە.[7] هەروەها یاسای کار لەساڵی 1987 بە پێدانی مافی زیاتر بە ئافرەتان وەك پشووی منداڵبوون، پەرستیاری لە منداڵ، ساغی و سلامەتی و ئاسایش ڕێکخرا.[8] دووساڵ دواتر یاسای جیابوونەوەش هەموار کرا.

سەردەمی سەرۆك کۆماری ڕەفسەنجانی (1997 – 1989) شایەدی تێپەڕین لە ئابووریەکی شەڕ لێدراو بە ئابووریەکی یەکترگیر بوو. ئەم گۆڕانکارییە سیاسییانە ئافرەتانیشی خستە ژێر کاریگەری خۆی. گرنگترینیان هەوڵی دەوڵەت بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی گەشەی حەشیمەت. دەستکەوتێکی

بەرچاوی سیاسەتی رەفسەنجانی بەکردەوەی کردنی بەرنامە و پلانە دارێژراوەکان بوو بۆ دابەزاندنی نرخی ئاوسانی میللی لە 5.6ەوە لەساڵی 1980 بۆ 2 لەساڵی 2009.[9] هەروەها ئازادی بەربڵاوتری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە درێژایی ئەو ماوەیەدا هاتە ئاراوە و رێگە خۆشکەر بوو بۆ دەرچوونی گۆڤار و بڵاڤۆکی وەك ئافرەتان کە لە ساڵی 1992 دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد و پاشان لەساڵی 2008 داخرا. جگە لەمانەش، بابەتگەلێك بڵاو دەکرانەوە کە لەلایەن ئافرەتان و پیاوانەوە وەك راپۆرت لەسەر بەربەستە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان و داهێنانە وەرزشییەکانی ئافرەتان، هاوسەرگیری بۆماوەیی، مادەی هۆشبەر، لەشفرۆشی، چەندهاوسەری و مافی یاسایی و سیاسیان دەنووسی.[10] کاریگەری زۆر کەمی ئەو بڵاوکراوانە بووە هۆی پەرەگرتوویی ئاگایی و زانیاری رەگەزی، وەك پێشوو لەجیاتی ئێرانی پێش شۆڕش بوو.

لەناو ئەو کەشە سیاسییەدا، ئافرەتان – چ بەدینەکان و چ سێکۆلارەکان – دەرفەتێکیان بۆ خۆدەرخستنیان دۆزیەوە. فیمینیستە ئیسلامییەکان دەیانتوانی تاوەکو کەمپەین بۆ وەرگرتنی مافی ئافرەتان بە ئاشکرا وەرێ بخەن. ئەوان بە کەڵکوەرگرتن لە دۆخی سیاسی کراوەتر لەپاش شەڕی ئێران – عێراق، هەوڵی هاوبەش بۆ گوشار خستنە سەر سیاسەتدانەران بەمەبەستی لابردنی لەمپەرەکانی سەر رێگەی گەیشتن بە مافەکانی ئافرەتان بدەن. تاساڵی 1995، ئافرەتان هەمدیسان توانیان وەك دادوەری راوێژکار خزمەت بکەن. لەساڵی 1997، محەممەد خاتەمی بە پشتگیری بێوێنەی ئافرەتان هەڵبژێردرا. بە هەڵبژاردنی مەجلیسی چاکسازی شەشەم (2004 – 2000) بە هەڵبژێرانی 13 نوێنەری ئافرەت، ئافرەتان دەرفەت و دەسەڵاتێکی زیاتری سیاسییان وەدەست هێنا.[11] لە رێگەی ئامادەبوونیان و بە گوشاری رۆژلە دوای رۆژ زیاتر، هەمدیسان هەوڵ بۆ بەرئاوەژووکردنەوەی لەمپەرەکانی یاسایی بۆ یەکسانی رەگەزی درا. بەڵگەنامە یاساییەکانی وەدەستهاتوو بۆ لابردنی یاسای قەدەغە بوونی خوێندن بۆ خوێندکارە ئافرەتەکان لەگەڵ شکستەکانی پەیوەندیدار بە خاڵەکانی رێککەوتننامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لابردنی جیاوازی رەگەزی دژ بە ئافرەتان (CEDAW) لە لایەن ئەنجومەنی چاودێرییەوە چەندبەرابەر کرا.

لەگەڵ ئەمەشدا، هەڵبژاردنی مەحمود ئەحمەدی نژاد لە هەڵبژاردنی ساڵی 2005 وەك سەرۆك کۆمار بوو بەهۆی سەرکوتی ئەو کۆمەڵگا مەدەنییەی کە لە رێگە و شێوازی جۆراوجۆرەوە کاریگەری لەسەر ئافرەتان هەبوو. دەوڵەت بە نیشاندانی گۆڕانکارییەك، ناوی ناوەندی هاوبەشی ئافرەتانی بە ناوەندی کاروباری ئافرەتان و بنەماڵە گۆڕی. لەساڵی 2008 دەوڵەت دەستی کرد بە دانوستان بەڵام لە تێپەڕکردنی یاسایەکی کە مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و لەودا رێگە بە چەند هاوسەرێتی دەدا شکستی خوارد.[12] لە وەڵامدا، چالاکوانانی ئافرەت و پیاو بە کەمپەینی یەك ملیۆن ئیمزا پەیوەست بوون کە لە رێگەی گشتپرسییەکی وەك، هەوڵی هاوبەش بۆ بردنە سەرەوەی رادەی ئاگایی گشتی و گوشار خستنە سەر دەوڵەت بۆ بەکردەوەیی کردنی چاکسازی لە یاساکانی رەگەزیدا درا. ئەم کەمپەینە سەرەنجی رای گشتی زۆری بەدواوە بوو، بەڵام دژکردەوەی دەوڵەتیشی بۆ سەرکوتی توندی چالاکوانان بەدواوە بوو لە رێگەی دەستبەسەرکردن و دەستگیرکردنەوە.[13] کەمپەینەکانی تری وەك راگرتنی بەردباران، سەرجەم جۆرەکانی تری توندوتیژی دژی ئافرەتان و کەمپەینی لەچکی سپی دژ بە هەڵاواردنی رەگەزی لە ستادیۆمە وەرزشییەکانی تۆپی پێ هەر لەو سەردەمەدا هاتنە ئاراوە.

هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری 2009 و گۆڕانکارییەکانی پاش هەڵبژاردن، گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە روانگەی ناوخۆیی ئێران هێنایە ئاراوە. لەنێو گەرمەی هەڵبژاردن، ئافرەتان هەمدیسان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو. بەر لە هەڵبژاردن، چالاکوانە ئافرەتەکان لەسەرجەم روانگەکانەوە گردبوونەوە تاوەکو بەرەیەکی یەکگرتووی رەگەزی پێك بێنن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجامی پێشبڕکێی هەڵبژاردن لە گەردەلوولی رێپێوانی گشتی و سەرکوتکارییەکانی حکومەت، ئافرەتانی ئێرانی لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی بەربڵاو خاپوور کرد. ئافرەتان بە هەزاران دەنگ وەکو سەلمێنەری گۆڕانکارییەکانی پاش هەڵبژاردن ناسران. ئەوان بە یەکسانی کەوتنە گێژاوی ئەو سەرکوتکارییەی کە پاش هەڵبژاردنی دەوڵەت هاتە ئاراوە. لە ئەنجامی هەڵبژاردن، ئەحمەدی نەژاد یەکەم سەرۆك کۆماری ئێرانی بوو کە ئافرەتێکی وەك وەزیری تەندروستی لە کابینەکەی خۆیدا جێگیرکرد.[14] شتێکی باسهەڵگری تر کە لەساڵی 2012 ئەنجام درا بەدوای بەرتەسك کردنەوە و سنووردارکردنی ئافرەتان بۆ خوێندن بوو لە 77 بەشی جیاوازی خوێندنی زانکۆیی دیاریکراو لە 36 زانکۆی دەوڵەتی لە سەراسەری وڵاتدا. حکومەت ئەو گۆڕانکارییانەی وەك پاساوێك و بەشێك لە هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی پشکی رەگەزی لە سیستەمی زانکۆیی بە قازانجی پیاوان هێنایەوە.

هەڵبژاردنی حەسەن روحانی لەساڵی 2013 هیوایەکی نوێ بوو بۆ ئافرەتان. روحانی لە بەڵێنەکانیدا لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا، بەڵێنی دا کە گرفتی ناوکی ئێران لەگەڵ رۆژئاوا چارەسەر بکا، ئەو دۆخە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەی کە هەیە کۆتایی پێ بێنێ، بەربەست و گرفتەکانی ئافرەتان بۆ خوێندنی باڵا هەڵگرێ، سیاسەتەکانی جیاوازی رەگەزی لەناو ببا و لە ئەنجامدا بەڵێنی ئەوەیدا کە دەرفەت و پشکی کاری زیاتر بۆ ئافرەتان

بڕەخسێنێ و چەند وەزیری ئافرەت بۆ پشتیوانی لە یەکسانی ڕەگەزی هەڵبژێرێ. تائێستا ئەو دوو وەزیری بۆ کابینەکەی خۆی هەڵبژاردوە و هەروەها یەکەمین باڵوێزی ئافرەتیشی هەڵبژاردوە. ڕێککەوتنی ناوکی بە سەرکەوتوویی لە 16ی ژانویەی 2016 بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکان و بەڵێنی دەرفەتی ئابووریی باشتر ئیمزا کرا. پاش هەڵبژاردنی پەرلەمان و پەرمگرتنی چەند کەمپەین، لەنێویان دا کەمپەینی میللی لە لایەن چالاکوانانی خۆجێیی بە ناوی "کەمپەینی گۆڕینی ڕوخساری پیاوانەی پەرلەمان" بە چواربەرابەر بوونی ڕادەی بەربژێرە ئافرەتەکان و زیادبووی دوولایەنەی ڕادەی نوێنەرانی پەرلەمان هاتە کایەوە. بەپێچەوانەی هەموو ئەمانە دۆخی ناوخۆیی هەروا بە داخراوی مایەوە و زیادبوونی هێرش کردنە سەر ئافرەتان لە شوێنە گشتییەکان، سیاسەتە زنجیرەییەکانی گرتن و لێکۆڵینەوە لە چالاکوانان و، هەڵاواردەیی زیاتر دژ بە کەمایەتیە ئایینی و نەتەوەییەکان، هاوکار لەگەڵ گوشار لەسەر ئافرەتان بۆ بەجێگەیاندنی لەمپەرە یاساییەکان، ئەوە دەردەخا کە بەرنامەی دواتر بۆ چاکسازی لە بابەتی ڕەگەزی لە باشترین حاڵەتدا گرفتی تێدا دەبێت.

بە زیادبوونی سیاسەت و گەڵاڵەکانی دژ بە ئافرەت لەماوەی چەند مانگ کە سەر بە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا بوون یا لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندابوون، بە دەستگیرکردنی دوو ئافرەتی سەمبولیك و ڕەمزی دوو نەتەوەیی ئێرانی لە کانادا و بەریتانیا، هۆما هودفەر و نازەنین زاغری – دۆخی مافی مرۆڤی ئافرەتانی ئێران کەوتە قۆناغێکی نوێوە.[15] ئەم قۆناغە، کە لە ڕێگەی کۆمەڵێك سەرچاوە بە پلانی فێمینیستەکان دژی ناوئاخن و ناوکی بایەخەکانی شۆڕشی ئیسلامی هەڵگیرسابوو، ئیشارە بە جموجووڵێکی ئاڵۆز و پێچەڵاوپێچ لەهەمبەر ململانێی هێز لەنێوان خواستی ئافرەتان بۆ مافی مرۆڤ و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مافی مرۆڤ بەگشتی و بە تایبەتی مافی مرۆڤی ئافرەتان دەکات. بە چەند پێوەر، ئاڵۆزی ڕوو لە زیادبوونی ئەو ململانێیە ڕەنگە نیشانەیەك بێ بۆ ئەو ئەگەرەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا ئافرەتان زیاترین مەترسی بەرچاون بۆ کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتە بنچینەییەکەی – هەر پێکهاتنێك لەسەر مافی ئافرەتان لە کۆتاییدا پێکهاتنێکە لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژی بنچینەی دەوڵەت.

هەر بەم هۆیەشە کە پرسی ئێستا لێکۆڵینەوەی کۆجێییە لەسەر ئافرەتان و مافی مرۆڤ لە ئێراندا. لەم یەکترگیریە لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مافی مرۆڤی ئافرەتان، چالاکوانان لە ئێراندا نە تەنیا بۆ ئافرەتان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان دەورێکی کاریگەریان هەیە، بەڵکوو لەڕاستیدا بۆ پرۆسە و پێناسەی هەوڵ بۆ هەموو ئەوانەی کە حەزیان لە پرسی مافی مرۆڤە ئەوان پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرن. بە واتایەکی تر، ئافرەتان ئەرکی بەرەوپێشبردنی سنوورەکان و ئیمکاناتی دەستڕاگەیشتنی مافی مرۆڤ لە ڕێگەی سەرجەم گەلانی ئێرانیان لەسەر شانە.

بەپێچەوانەی ئەو بەربەستانە و ئەو تەنگژە قەیرانیاویانە، ئافرەتانی ئێران دەبێ دۆزینەوەی سەرەداوەکانی گەشەکردن لە چالاکییەکانیان جێژن بگرن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێستاکە بەهۆی سەرکوتکارییەکانی دەوڵەت، چالاکییەکان بەگشتی لەجیاتی ئەوەیکە لە ڕێگەی بزووتنەوە چالاکییەکان لە ڕادەی گەورەدا ڕێك بخرێت و ئاراستە بکرێت، بە تاکی و نافەرمی دەمێننەوە، پێشکەوتن لە ڕێگەی هاوکاری بەربڵاو و گەورەوە بەرچاو دەکەوێ. لەهەموو ئەمانە گرنگتر یەکگرتوویی ڕوو لە گەشەکردنێکە کە لە هەوڵەکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە سەرەتاکانی ئیدئۆلۆژیکی، سیاسی و دینی جیاواز دەبینرێ. ئافرەتان چ بەدین و چ سێکۆلار نایانهەوێ کە بەرەو دواوە بگەڕێنرێنەوە. لەڕاستیدا هەردوو گرووپ بەدوای دەورێکی ئەکتیڤ و کاریگەر بۆ ئافرەتانن لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگادا، ئەگەرچی ڕەنگە لە پلەو چینی جیاوازیش دابێت. لەگەڵ ئەوەیکە ئافرەتان لە هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری و یەکسانی زیاتر، باڵەخانەی چێکراو لەسەر مۆمێنتۆمی یەکگرتن بۆ پێشخستنی سەرچاوە هاوبەشەکانی ئافرەتان و پرسە بنچینەییەکانی مافی مرۆڤ پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە.

هەر بەم هۆیەشە کە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە، ڕوانگەگەلێکی فرەچەشن دەردەخا لە بۆچوون لەبارەی بەرە یاسایی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری لەسەر ئەو تەنگژانەی کە کاریگەرییان لەسەر ئافرەتان و کچانی ئێرانی ئێستادا هەیە. بەهەرحاڵ، بابەتەکان بەگشتی لەسەر مەسەلەیەکی هاوبەش وردبوونەتەوە کە پرسی ئافرەتان و مافی مرۆڤ بۆ گەشەی داهاتووی دەوڵەت و کۆمەڵگای ئێران لەسەرەوەدا دەمێنێتەوە. لەلای دەوڵەتەوە، گۆڕانی یاساییەکان دەبێ بەپێی پێویستی بۆ یەکسانی ڕەگەزی خەبات بکات. لە لای کۆمەڵگای ئێرانی، چالاکی ئافرەتان و تێکهەڵچوونی ئەوانە لەسەر ڕێگەی خۆیاندا بەو ئەرکە. بە هەڵگرتنی کەسایەتییە ڕەمزییەکانی بزووتنەوە لە ئێراندا، بە سەرنجدان بە گرتنەکان و کۆچ لە وڵاتدا پاش گۆڕانکارییەکانی دوای هەڵبژاردنی 2009، ئافرەتان لە ئێران و دەرەوەی ئێران، دەبێ گوتار و دیسکۆرسیان بۆ پەیوەندی دوولایەنە، لەنێوان ئاگایی و زانیارییان لەسەر کێشەی هاوبەشیان بۆ مافی مرۆڤ و فرەچەشنیەك کە کردەوەکانیان بە چالاکی پڕبار دەکا ببەنە سەرێ و گەشەی پێ بدەن.

بەپێی ئەو شتانەی لەم بارەیەوە بەدەست هاتووە و، بۆ پارێزگاری و پێشخستنی مافی ئافرەتان لە سەرجەم بوارەکان لە ئێراندا، پێشنیارە سیاسییەکانی ژێرەوە دەخەینە ڕوو:

بۆ زلهێزەکانی بەریتانیا و یەکێتی ئەوروپا

- هەنگاوی نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا لە چاوپێکەوتنەکانیان لە ئێران بۆ دەستڕاگەیشتن بە راپۆرتەکان و چاوپێکەوتنەکانی ئەنجام دراو لە لایەن کۆمەڵگەی پەرتەوازەی ناوخۆی وڵات و هەروەها ئەوانەی خاوەن قازانجن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی واقعیانە لە دۆخی ئافرەتان و کچان لە ئێراندا.

- دامەزراندنی گرووپەکانی کاری لەنێچوان یەکێتی ئەوروپا و بەرپرسانی دادوەری کۆماری ئیسلامی بۆ ئاماژەکردن بە دۆخی ئافرەتان و کچان لە ئێراندا لە رێگەی هاوکاری چەند لایەنە.

- ئاماژە بە مافی هاووڵاتیبوونی ئافرەتان لە ئێراندا لە رێککەوتنە چەند لایەنەییەکان و پشتگیری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەجێگەیاندنی پێویستییەکانی تایبەت بە مەبەستی پارێزگاری و بەرزکردنەوەی پلە.

- دیالۆگی سەرەتایی و بەردەوام لەسەر دەوری ئافرەتان لە دروستکردنی کەشێکی ئەمنی و ئاسایش لە ناوچەکەدا بەهۆی هاوکارییەکان و ئاڵوویرە چەند لایەنەییەکان.

- ئافرەتانیش بتوانن دەستیان بە کار و پیشە و مووچەی دادپەروەرانە رابگات لە رێکەوتنە چەند لایەنەییەکان لەگەڵ ئێراندا.

- راسەرییەکانی ماڵی چڕبۆوە لەسەر NGOیەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و پێشکەوتن بۆ ئافرەتان و کچان لە ئێراندا، کۆمەڵگەی ناوچەیی و جیهانی و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش تا 2030.

بۆ NGO نێودەوڵەتییەکان:

- پێکهێنانی بەرنامەی خوێندن و پەرەپێدانی توانستەکان لەسەر بنەمای سێ بەشی ئابووری ئێران بۆ پێشکەوتنی ئافرەتان و کچان لە کۆمەڵگاکانی دێهاتی و سەرمەرزی ئێران.

- پێکهێنانی گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ رێکخراوی نەتەوەییەکگرتووەکان و ئاژانسەکان و ئامرازەکانیان، بە چڕبوونەوە لەسەر دەستڕاگەیشتنی بەرەوگەشەی مافی مرۆڤ و مافی مەدەنی لەناو ئافرەتان و کچان لە ئێراندا.

- بەڕێوەبردنی کەمپەینی نێودەوڵەتی بەمەبەستی داواکاری لە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئیمزای رێککەوتننامەی هەڵگرتنی سەرجەم شێوازەکانی هەڵاواردن دژی ئافرەتان (CEDAW) بێ هیچ پێشمەرجێك.

- - بەرەوپێشبردنی کەمپەینە خوێندنیەکان و زانیاری بۆ گەشەی تێگەیشتنی ئافرەتان و کچان لە دەوری ئەوان بۆ چێکردنی دۆخی بێ توندوتیژی لە ئێراندا.

بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران:

- پەسندکردنی رێککەوتننامەی لابردنی سەرجەم جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ئافرەتان (CEDAW) بێ هیچ پێشمەرجێك.

- گۆڕینی پێکهاتەی ئەو سیاسەتانەی کە پێشگیری دەکات لە دەستڕاگەیشتن بە ماف و خزمەتگوزاریە گشتیەکان وەك کەڵکوەرگرتن لە چارشێو وەك شێوازێکی پەسندکراوی حیجاب لە خەستەخانەکان، کلینیکەکان، زانکۆکان، مەکتەب و ئۆفیس و شوێنە گشتییەکان.

- بردنە سەرەوەی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ 18 ساڵ بۆ سەرجەم کچان و ئافرەتان.

- دانانی پێوەری لەبار بۆ پارێزگاری لە مافی ئافرەتان و کچانی خەسارومەرگر لە شوێنە گشتییەکان کە یاسای حیجابی ئیسلامی تێدا نەسەپێنرێ، وەك کەسانێك بە پێشینەی کەمایەتی (مەسیحی، یەهودی، زەردەشتی، بەهایی) یا کچانی ژێر 9 ساڵی کۆچی مانگی (8 ساڵ و 7 مانگ).

- گەرەنتی دەستڕاگەیشتنی یەکسان بەسەرجەم بوارەکانی خوێندن و کار بۆ سەرجەم ئافرەتان و کچان، بەتایبەت ئەوانەی کە لە کەمایەتی دینی و نەتەوەییەکانن.

- زیادکردنی سەرچاوە و درێژەدان بە پتەوترکردنی هاوکاری لەنێوان دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە وردبوونەوە لەسەر پێشکەوتنی مافی ئافرەتان لە پێکهاتن بە یاسای بنەڕەتی نێودەوڵەتی.

- خێراترکردن و گەرەنتی کردنی ئەنجامدانی سەرجەم مادەکانی رێککەوتننامەی مافی منداڵ و پێشنووسی ئەو بۆ سیاسەتەکان و یاسا میللییەکان کە منداڵانی کچ لە سەرجەم پێشینەکان دەخاتە ژێرکاریگەری خۆی.

پی نوشت

[1] پایدار، پروین. ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی سەدەی بیستەمی ئێران، کەمبریج: بڵاوکراوەکانی زانکۆی کەمبریج، 1995.
[2] هەمان سەرچاوە.
[3] کیان، ئازادە "ئافرەتان و سیاسەت لە ئێرانی پۆست ئیسلامی: رێڕەوی گۆڕانی ئاگایی جنسی"، گۆڤاری ئینگلیزی ستۆدیۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە 24، شمارەی یەکەم، 1997، بڵاوکراوەی پێشوو 75 – 96.
[4] ناوەندی ئاماری ئێران.
[5] سەرژمێری میللی ئێران لە حەشیمەتی و نیشتەجێبوون، 2006.
[6] رۆژنامەی کەیهان، 7ی ئاوریل 1980.
[7] رۆژنامەی اتحاد، 23ی ژانویە 1985.
[8] رۆژنامەی اتحاد، 24ی ئۆکتۆبر 1987.
[9] اسفندیاری، هالە. "بزووتنەوەی ئافرەتان" بنەماکانی ئێران: دەسەڵات، سیاسەت و سیاسەتی ئەمریکا، رابین رایت، USIPT 2011.
[10] "سەرکوتی ئافرەتان" نیۆیۆرك تایمز، 7ی فێوریە 2008.
[11] کیان، ئازادە، "ئافرەتان و سیاسەت لە ئێرانی پۆست ئیسلامی: رێڕەوی گۆڕانی ئاگایی رەگەزی" گۆڤاری ئینگلیزی ستۆدیۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە 24، ژمارەی یەکەم، 1997، بڵاوکراوەی پێشوو 75 – 96.
[12] "چالاکوانانی ئافرەتانی ئێران سەرکەوتن لە رەشنووسی چەندهاوسەری دا دەبینن"، رۆیتەرز، 2ی سێپتامبر 2008.
[13] فەتحی، نازیلا، "دەستپێکردن لە ماڵەوە، خەباتی ئافرەتانی ئێران بۆ مافەکانیان"، نیۆیۆرك تایمز، 12ی فێوریە 2009.
[14] تیزدال، سیمۆن. "دانانی یەکەمین وەزیری ئافرەتی ئێران لە 30 ساڵدا"، گاردیەن، 3 سێپتامبر 2009.
[15] چوار پیاوی هەڵگری دوو رەگەزنامەیی دەستگیر کران کە بریتیبوون لە سیامەك نەمازی، باسر نەمازی، رابین شاهینی و کەمال فروغی.